



# بۆسنەو ئەزموونی هەڵسانەوەی دوای جەنگ

## گرفتی بۆسنا ئابووری نییە، بەڵكو بۆ ئاسەوارەكانی شەڕو دەسەڵاتی سیاسی دەگەڕێتەوە

گەیشتن بەخاڵی سەقامگیری ئابووری و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنك لە کوردستاندا کارێکی ئاسان نییەو، پێویستی بە هەوڵ و کۆششی کەسانێك هەیە، کە دڵسۆزی و شارەزاییان تێدا بێت، خاڵی سەرەتاش لەزۆر بواردا دەست پێ دەکات بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردەو هۆشیاری و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، بۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجەش ناکرێت تەنها پشت بە یەك فاکتەری ئابووری ببەستین، پێویستە لەڕێگای پلانێکی ستراتیژی سەرتاسەرییەوە کۆمەڵگا بگوازینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر، ئابوورییەکی بەهێز بەبێ بوونی ژێرخانێکی پتەوو کەرتێکی خزمەتگوزاریی پێشکەوتوو بونیات نانرێت، بۆ ئەوەی بکەینە ئەم ئاستەو کەرتی خزمەتگوزاریش لەو تەنگژەو بێسەروبەرییە دەربازبێت، پێویستە یاساو تەشریعاتە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان دەسکاری بکرێت بەشێوەیەك لەگەڵ قۆناغەکەی ئەمڕۆدا بگونجێت، هاوکات دووخاڵی گرنگ هەیە مەرجە دەسەڵاتدارانی هەرێم پابەندی بن، ئەویش پەرەپێدان و گەشەپێدانی هەرێمەکەیە لەگەڵ پاراستنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لەکوردستان دا .

**کارکردن بۆ پێکەوە ژیانی ئابوورییانەی نەتەوەکانی بۆسنە بە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ دەبێت**

ئەزموونی گەلان دەریانخستووە بەبێ یارمەتی دەرەکی و هاوکاری ماددی ناکرێت بتوانین رووبەرووی ئەو هەموو گرفتە ئابوورییە ببینەوە، زۆرجار دەزگا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن لەڕێگای یارمەتی دارایی مەرجدارەوە کە کۆمەڵێك رێنمایی و راسپاردەی لە خۆدەگرێت وابکەن لە بەکارهێنانی دادوەرانەو زانستییانەی ئەو یارمەتیی ماڵییانە سەرکەوتوو بین، کە پێشکەش بە وڵاتان و حکومەتەکان دەکرێت، یاخود پێشکەشکردنی پێشنیارو رێ و شوێنی زانستییانەی ئابووری یارمەتی خێرا بەرەو پێشچوونی ئابووری دەدات .

لەپاڵ ریفۆرمی ئابووری دا رووبەرووبونەوەی دیاردە ئابوورییە نێگەتیفەکانی وەکو گەندەڵی و نزمی ئاستی هۆشیاری و بێکاری و هەژاری و چەندین گرفت و کێشەی تری ئەم کۆمەڵگایە کارێکی زەرووره، بەتایبەتی دیاردەی گەندەڵی و تەشەنەکردنی ساختەکاری و ناشەفافییەتی ئابووری، چونکە بنبڕکردنی گەندەڵی مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی ریفۆرمی ئابووریی، ئێمە لە کوردستان ناتوانین ببینە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز تاوەکو بەرنامەیەك بۆ چۆنیەتی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی دانەنێین، نەك تەنیا لە کەرتی گشتی بەڵکو لە کەرتی تایبەتیش، ئابووری و یاسا کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دروست دەکات، بەبێ بوونی یەکێکیان ناتوانرێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بنیات بنرێت لە ژمارەکانی رابردوودا زۆر لە شارەزایانی ئابووری تەئکیدیان لە دوو بوار کردەوە، ئەویش رووبەرووبونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووری بوو، دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و داڕشتنەوەی سیستەمێکی پێشکەوتوو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەهێزبوونی ئابووری، لەم پێناوەش دا ئەزموونی زۆر نەتەوەو حکومەتەکانمان خستەڕوو، ئاماژەشمان بە حکومەتە بەهێزو گەندەڵەکان کرد، بۆ نمونە حکوومەتی ئەندەنۆسی هیچ هەڵوێستێکی نەبوو بۆنەهێشتنی گەندەڵی، ئەو بەرپرسانەی کە هەوڵیان دەدا رووبەرووی ئەم دیاریدەیە ببنەوە لە پۆستەکانیان دووردەخرانەوە، بە پێچەوانەی مالیزیاو کۆریای باشورو چەندیت وڵاتی پێشکەوتووی تر ..

**ئابووری و یاسا کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دروست دەکات، بەبێ بوونی یەکێکیان ناتوانرێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بنیات بنرێت**

بوونی کەسایەتی ئیداری دوور لە کاروباری بازرگانی و کاروباری بازاڕ هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هاتنەپێشەوەی کەسایەتی نوێی بە توانا لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا کە دوور بوون لە سەرچاوەی گەندەڵی، ئێمە لە کوردستان ناتوانین ببینەخاوەنی ئابوورییەکی بەهێز تاوەکو بەرنامەیەك بۆ چۆنیەتی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی دانەنێین، نەك تەنیا لە کەرتی حکومی بەڵکو لە کەرتی تایبەتیش، فەرامۆشکردنی ئەمبوارە زیان بە ئابووری و بواری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، ئابووری و یاسا کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دروست دەکات، بەبێ بوونی یەکێکیان ناتوانرێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بنیات بنرێت، شێڵ فۆرس خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەو زانست پێی وابوو :بەبێ پێشخستنی بواری پەروەردەو هۆشیاربوونی ئەفرادەکان ناکرێت ببینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، دەوڵەمەندبوونی تاکەکان لە بواری سەرمایەی مەعریفی بە یەکێك لەو بوارە گرنگانە دادەنرێت، کە پێشتر جێی بایەخی سەرجەم ئەو وڵاتانە بووە، کە چوونەتە قۆناغی گەشەکردنی ئابوورییەوە، لە تەوەری ئەمجارەی (گوڵان)دا تیشك دەخەینە سەر بونیادنانی ئابووری دوای شەڕو چۆنیەتی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ، بە تایبەتی پاراستنی هەرێمەکەو پەرەپێدانی بواری یاسایی و دادگاو ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی کە بووەتە پەتایەك و دووچاری سەرجەم وڵاتانی جیهان بۆتەوە لە پێناوەشدا تێروانینەکانی هەردوو بەڕێز عەدنان شیهۆفیج بەرەگەز بۆسنەیی و سەلاح خدر کۆنسۆڵی فەخری شانشینی هۆڵەندا لە کوردستانی عێراق دەخەینەڕوو، شیهۆفیج ئاماژەی بە ئەزموونی هەڵسانەوەی ئابووری بۆسنا کرد و، لە روانگەی ئەزموونی بۆسناو تێگەیشتن لە واقیعی ئابووری کوردستان و عێراق پێی وایە فیدرالییەت لەسەر بنەمای سەربەخۆیی کارگێڕی کارێکی باشە..



### عەدنان شیهۆفیج بـۆ گـوڵان:

# بۆسنە ڕووبەڕووی گرفتی ئەتنی بۆتەوە



عەدنان شیهۆفیج بەرەگەز بۆسنەیی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ UNDP کاریکردووە، ئێستا لەبواری وزەدا وەکو شارەزایەك کاردەکات، لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتانی ئەفریقاو مالیزیا و تایلەندو نێجیریاو لیبیا وەکو شارەزایەك کاریکردووە و ئەندامە لە یەکێتی ئەندازیارانی بۆسنا.

لە دیمانەیەکی فایلی ئابووری دا شیهۆفیج ئاماژەی بەوەکرد بۆسنە سێ نەتەوەی بۆسنەیی و کرواتی و سربی لە خۆ گرتووە، کارکردن لە نێوان سێ نەتەوە کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی کە نامتمانەیی لە ئاکامی شەڕەماڵوێرانەکاندا کەوتبێتەوە، زۆر جار کێشەی سیاسی و بەرژەوەندی شەخسی و ئاڵۆزبوونی گرفتە ئیتەنی و ئاینییەکان هۆکارێکە بۆ تێکچوونی بەرنامەوکاری ئابووری و دیموکراتی لە نێوان نەتەوەکانی وڵاتێکدا، شیهۆفیج لە ڕوانگەی ئەزموونی بۆسناو تێگەیشتن لە واقیعی ئابووری کوردستان و عێراق پێی وایە فیدرالییەت لەسەر بنەمای سەربەخۆیی کارگێڕی کارێکی باشە بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەگکرتوو گەر بێت و ئەو وڵاتە دەوڵەمەند بێت .

لێرەدا پوختەی بۆچونەکانی بڵاودەکەینەوە ..

●●●
کارکردن لە نێوان سێ نەتەوە کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی کە نامتمانەیی لە ئاکامی شەڕەماڵوێرانەکاندا کەوتبێتەوە
●●●

●●●
کوردەکان و بۆسنەییەکان لەزۆر بواردا نزیکن لە یەکتر و، کێشە ئابووری و ئاینی و ئەتەنییەکانی نێوان گەلانی بۆسنەش لە کێشەکانی ناوخۆی گەلانی عێراقەوە نزیکە
●●●

**وابزانم بودجەی عێراق و کوردستان زۆر گەورەیە دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٨دا کەرتەکانی ئابووری و پەروەردەیی و تەندروستی لە ریزبەندی پێشەوە دابنێت**

**نەبوونی وزە یاخود بەرهەم نەهێنانی وزە لە کوردستان دا گرفتێکی سەرەکی بەردەم پەرەپێدانی ئابوورییە**

عەدنان شـــیهۆفیج : نەبوونـــی وزە یاخود بەرهەم نەهێنانی وزە لە کوردســـتان دا گرفتێکی سەرەکی بەردەم پەرەپێدانی ئابوورییە، دواتر گرفتەکانی نەبوونی کەرتێکی چالاکی ئابووری دێت، کە پێویســـتی بە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن هەیە، ئەمبوارانە پێویستی بەهەنگاوی بوێرانە هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان لە بوارەکانی گەورەبوونی شـــارەکان و زیادبوونـــی ســـۆبەرمارکێتەکان روودەدات گرنکیدانە بە کەرتـــی بازرگانی، بۆ هاوســـەنگی راگرتنی کەرتـــی بازرگانیش پێویستیمان بە گەشەکردنی پیشەسازی هەیە، چونکە بەبێ بەرهەم و پێشخستنی بەرهەمهێنانی وزە هەوڵەکان بەفیرۆ دەچێت، حکومەتی کوردستان پێویســـتە پەرەپێدانی بوارەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی پێـــش بوارەکانی جوانـــکاری و کەمالییاتەکان و بگـــرە بازرگانیش بخات، وابزانم بودجەی عێراق و کوردســـتان زۆر گەورەیە دەکرێت لە ســـاڵی ٢٠٠٨دا کەرتەکانی ئابووری و پەروەردەیی و تەندروستی لە ریزبەندی پێشەوە دابنێت، ئەمە تەجروبەی ئەو وڵاتانە یە کە بەجەنك دا تێپەردەبن، لەم روانگەیەوە حەزدەکەم باســـێکی بۆسنە تان بۆ بکەم و دوا گرفتی ئەم دواییەشـــتان بـــۆ روون بکەمەوە، چونکە کوردەکان و بۆســـنەییەکان لەزۆر بواردا نزیکن لە یەکتری و کێشـــە ئابووری و ئاینی و ئەتەنییەکانی نێوان گەلانی بۆسنەش لە کێشەکانی ناوخۆی گەلانی عێراقەوە نزیکە .

بۆسنەی دوای جەنك کە دووچاری شەڕو ماڵوێرانی و جینۆساید بۆوەوە، ئێستاکەش بە هۆی ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە ناکرێت نەتەوەکان کۆمەڵکـــوژی لـــە یاد بکەن و لە ناو بۆسنەشـــدا وەکو کوردســـتان دەســـتێوەردانی دەرەکی هەیە، وڵاتی بۆســـنە لە ســـاڵی نەوەدەکان رووبەرووی شـــەڕێکی کاولکار بـــۆوە، هۆکارەکەی بەهێزی و گەورە بوونی عەسکەرتالییەتی سربەکان بوو، کە لەڕێگای سوپایەکی بڕ لە چەکەوە دەیانویست دەســـت بەسەر سەرجەم میللەتانی یوگوسلافیای پێشو بگرن، لەم شەڕەدا کەسایەتی بۆسنەیی تێکشکاو باری بژێوی ژیـــان زۆر دابـــەزی و ئابووری بۆسنە دارما و کۆچ بەرەو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوای پێشـــکەوتوو دەســـتی پێ کرد ..شـــوێنەوارە تێکدەرو وێرانکارییەکانی بەســـەر ئابووری بۆسنە تاکو ئەمڕۆ دیارە، کاتێکیش بـــە هاوکاری دەرەکی و هاوپەیمانەکان لە ســـاڵی ١٩٩٥ شەڕ راگیرا، ئەو دەمە بوار رەخسا بۆ کارکردن بۆ سرینەوەی ئاسەوارە خراپەکانی جەنـــك، نەك تەنیا بۆ نەتـــەوەی بۆســـنەیی بەڵکو بۆ کرواتەکان و خودی ســـربەکانیش، بۆســـنە سێ نەتەوەی بۆسنەیی و کرواتی و ســـربی لە خۆگرتووە، کارکردن لـــە نێوان ســـێ نەتەوە کارێکی ئاســـان نییە بە تایبەتی کـــە نامتمانەیـــی لـــە ئاکامی شـــەڕەماڵوێرانەکاندا کەوتبێتەوە، ئـــەم شـــەڕانەش پاکگراوەندێکی مێژوویی و ئاینی هەیە .

لە دوای راگرتنی شەڕ بوار بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکەو هەرێمەکان رەخسا، ئەوە بوو بۆسنە دابەش بوو بەســـەر دوو هەرێمی سەرەکی دا پارچەیەکی فیدرالی کـــە بۆســـنەو کرواتەکانـــی لە خۆگرتبوو، پارچەیەکی تریش کە سربەکانە، هەردوو هەرێم و هەرسێ نەتەوەی بۆسنەو کرواتی و ســـربی لە چوارچێوەیەکی یەگکرتووی فیدراڵییەت دا دەژین، ســـەرەتا بەشێوەیەکی باش بەرێوەدەچوو، بەڵام دوای ماوەیەك گرفت روویدا، پێگەوەژیانی ســـێ نەتەوەو سرینەوەی شـــوێنەوارەکانی جەنك کارێکی ئاســـان نەبوو ئەوکاتیش بێ گرفت و کێشـــە نەبوو، ئێستاکەش بوونی کێشـــە لە نێوان کۆسۆفۆو سربیا کاریگەری لەسەر ئێمەش هەیە، سربیا جینۆسایدی کۆسۆفۆییەکانیان کردووە، ئاســـەواری ئەم تاوانـــاش وا بە ئاســـانی و چەند دەیەیەك ناســـرێتەوە، دەرکەوتنی بیرۆکەی ســـەربەخۆیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکەوە ژیان مەحاڵە بۆیە کۆســـۆفۆ داوای سەربەخۆیی دەکات، سربەکانیش کێشـــەیان ناوەتەوەو لە ناوخۆی بۆسنەش دا کە سربەکان هەیە کێشەکەش رووبەرووی ئێمەش بۆتەوە، ئەم واقیعە ئەوە دەردەخات کە هەرێمەکان و فیدراڵییەت کێشـــەکانی چارەســـەر نەکردووە، ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە لەسەر ئابووری شوێنەواری لەسەر کەوتنەوەی نامتمانەیی بە بۆســـنەو هەرێمەکەو سەرجەم ناوچەکە دەبێت، چونکە ســـەرجەم هاوڵاتییان بە بیزنسکارانیشەوە مەترسی کەوتنەوەی شەڕو تیکچونی بارودۆخەکەیان هەیە ..

بەمجۆرە زۆر جار کێشـــەی سیاســـی و بەرژەوەندی شەخســـی و ئاڵۆزبوونـــی گرفتە ئیتەنی و ئاینییـــەکان هۆکارێکە بۆ تێکچوونی بەرنامەوکاری ئابووری و دیموکراتی لە نێوان نەتەوەکانی وڵاتێك دا.

گرفتی بۆســـنا ئابووری نییە، بەڵکو بۆ ئاســـەوارەکانی شـــەڕو دەســـەڵاتی سیاســـی دەگەڕێتەوە، کێشـــەکان ئەو کات لە سربیاوە سەری هەڵدا کە خاوەنی لەشـــکرێکی گەورە بوو، دەستتێوەردانی لە سلۆفینیاوە بۆ کرواتیاو بۆسنا دەستی پێکرد، ئەودەمە دیکتاتۆر ییەت و خۆبەزلزانین کێشەی بۆ هەمووان نایەوە و دۆخەکە تێکچوو .

تەوەرێکی پرســـیارەکانمان تایبەت بوو بە چۆنیەتی دابەشـــبوونی ســـامان و داهات و پەیوەندییەکان لەناو یەك وڵاتدا، شـــیهۆفیج لە روانگـــەی ئەزموونی بۆســـناو تێگەیشـــتن لە واقیعی ئابووری کوردســـتان و عێراق پێی وابوو، راســـتە پەیوەندییـــەکان ئاڵۆزی پێوەدیـــارە و دوورنییـــە لەگرفت و کێشـــە، بەڵام مەرجـــە عێراق وکوردســـتان بەشـــێوەیەکی یەکپارچەیی بمێنێتەوە، لە رووی ئیدارییەوە فیدرالی بێت، چونکە عێراق زۆر دەوڵەمەندەو بە پارچە پارچە یی لاواز دەبێت و گەندەڵی هەرێمە دەوڵەمەندەکان زیاتر دەبێت، بـــۆ نموونە لە بۆســـنە گەندەڵی هەیە بەشـــێوەیەکی ناراستەوخۆ، ئەمەش لەڕێگای دروســـتکردنی ئەو کۆمپانیانەوە کـــە بە نهێنی بەرپرسانی حکومی خاوەندارێتی دەکەن و قۆرخـــکاری بازاڕەکان دەکەن، ئەو دەمەی بەرپرســـانی حکومی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و راســـتەوخۆ کاری بازرگانـــی دەکـــەن و رەچـــاوی بەرژەوەندی گشـــتی ناکـــەن، نارەزایەتـــی لێدەکەوێتـــەوەو بـــە پشـــتگوێ خستنی چارەسەرکردنی کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت و بارودۆخەکە تێك دەچێت.



### سەلاح خدر کۆنسوڵی فەخری شانشینی هۆڵەندا لەکوردستانی- عێراق بۆ گوڵان:

# دەکرێت لە کوردستاندا سوود لە ئەزموون و شارەزایی ئەو وڵاتانە وەربگرین کە هەنگاوی باشیان لە دیموکراسی و گەشەکردن ناوە

●●●
**ساڵی٢٠٠٨شاندێکی گەورە کۆمپانیاکانی هۆڵەندا دەگەنە کوردستان**
●●●



*سەلاح خدر شارەزا لە بواری پەیوەندییەکان و دەرچوون کۆلێژی کارگێڕی و ئابوورییە پۆستی کۆنسوڵی فەخری شانشینی هۆڵەندا لەکوردستانی- عێراق پێ بەخشرا، ناوبراو لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا ئاماژەی بە چەند بوارێکی تایبەت بە پتەوکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان کرد بەتایبەتی لە نێوان هۆڵەندا و کوردستاندا، کە ئەو وڵاتە دۆستێکی کوردە و لە چەندین بۆنەدا هەڵوێست و یارمەتی کوردەکانی داوە، ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کە هۆڵەندا تاکە وڵاتە بە زۆرەملێ هیچ پەنابەرێکی کوردی نەگەڕاندۆتەوە، لەم دیمانەیەدا هەندێك لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی بەڕێزی دەخەینەڕوو.*

●●●
**پەرەپێدانی گشتی لە ئەفرادەکانەوە دەست پێ دەکات واتە ئەفرادەکان خۆیان هەست بەوە بکەن کە پێویستییان بە گۆڕانکاری هەیە، لەم پێناوەشدا خۆیان ماندوو بکەن**
●●●




حکوومەتی هۆڵەندا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵی ئەو وڵاتەش لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی کوردێك بۆ ئەو پۆستە بۆ یەکەمین جار، ئەو راستییە دەردەخات کە هۆڵەندا بەنیازە ئەم پەیوەندییانە بۆ ئاستێکی باش بەرز بکاتەوە، لەم رووەوە ساڵی٢٠٠٨شاندێکی گەورە کۆمپانیاکانی هۆڵەندا دەگەنە کوردستان، ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، سەقامگیری ئەمنی و ئارامی لە کوردستاندا، کاریگەری باشی لەسەر پێشکەوتنی ئابووری هەبووە، ئەمڕۆ لە کوردستان کێشەی لاوازی خزمەتگوزاری و دارمای ژێرخانی ئابووری و دەرکەوتنی گەندەڵی بە گرنگترین ئەو گرفتانە دادەنرێن کە رووبەڕووی هەرێمەکە دەبێتەوە، من پێم وایە بەبێ یارمەتی و کۆمەکی دەرەکی ناکرێت بەسەر ئەوکێشە وگرفتانەدا زاڵ بین، بۆیە سوود وەرگرتنی لە ئەزموون و شارەزایی بیانی پێویستە ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووری پێویستی بە دەسکاریکردنی هەیە، لە زۆر بواری وەکو یاسایی و تەشریعاتە ئابوورییەکان و گۆڕانکاری لە عەقڵییەت و فەرهەنگی ئابووری کۆمەڵگا.

ئابووری هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە بەگەڕخستنی وەبەرهێنان هەیە لە بواری نەوت و پشەسازی، ئەمەش لە رێگای گەورە کۆمپانیا بیانییەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

تەوەرێکی تری پرسیارەکانمان تایبەت بوون بە دەوڵەمەندکردنی ئاستی هۆشیاری و سەرمایەی مەعریفی، کۆنسوڵی فەخری هۆڵەندا لە کوردستان پێی وابوو بەبێ زیادکردنی خولەکانی مەشق و راهێنان و پەرەپێدان بە تواناکانی ئەفرادەکان ناکرێت بە هاوشێوەی بەرەوپێشچوونی ئابووری و زانیاری جیهان هەنگاو بنێین، لەم روانگەیەوە پەرەپێدانی گشتی لە ئەفرادەکانەوە دەست پێ دەکات واتە ئەفرادەکان خۆیان هەست بەوە بکەن کە پێویستییان بە گۆڕانکاری هەیە، لەم پێناوەشدا خۆیان ماندوو بکەن، لەسەرجەم بوارەکاندا گرنگی بە پەرەپێدانی مەعریفی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەیە سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی بەڕێز لەمبارەیەوە گوتی: گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و بەڕێژە و شێوازی جیاواز لە وڵاتاندا هەیە، ئەرکی حکوومەتەکان کە رووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە، پێویستە یاسا و دامودەزگای لێهاتوو رووبەڕووی دیاردەیی گەندەڵی ببنەوە کە زیانی بە وەبەرهێنان و گەشەسەندنی ئابووری دەگەیەنێت، بەمجۆرە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە حکوومەتی هەرێم ریزبەندییەك بۆ بەرنامە و کاری خۆی لە ٢٠٠٨دا دابنێت و، رەچاوی خواستە و پێداویستی هاووڵاتیانیش بکات، دەکرێت لە ٢٠٠٨دا سوود لە ئەزموون و شارەزایی بیانی و ئەو وڵاتانە وەربگرن کە هەنگاوی باشیان بەرەو دیموکراسی وگەشەکردن ناوە.

**ئابووری هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە بەگەڕخستنی وەبەرهێنان هەیە لە بواری نەوت و پشەسازی**

**لە ٢٠٠٨دا سوود لە ئەزموون و شارەزایی بیانی و ئەو وڵاتانە وەربگرن کە هەنگاوی باشیان بەرەو دیموکراسی وگەشەکردن ناوە**

